# کتێب هەر بە ئێوەوە ..جوانە

## جەلال بەرزنجی

( کتێب هەر بە ئێوە وە جوانە) ئەمە قسەی هاوپۆلێکی سالّی حەفتاویەکم بوو لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی کوردستان ئەم جارە لەم سەفەرەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان من و چەند برادەرێکی بینی دیسان کتێبمان پێ بوو , دیار بوو سالآنی حەفتاکانی وەبیر هاتبوەوە کەوا هەمیشە ئە وکات کتێبمان لە بن کەوشی دابوو , هەر ئەوەش بووە ئیحا پێ دانی ئەم رستە شعرییەی ئەو دوایش ئەم نووسینەی من .



پەیوەندی نێوان من و کتێب دەگەڕێتەوە کۆتایی شەستەکان , بۆ تاقی کردنەوەی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە سەر بان زۆرم دەخوێند , جارو بار خەیالّی گەنجییەتی کراسی سەر رستی سەر هەندیک بانی دوری لێدەکردمە کچ و ماوەیەک هزرمی دەخەلّەتاند .دوای تەواوبوونی تاقی کردنەوەی سەری سالّ و پشووی هاوین دایکم لای هاوسێکانمان گوتبووی (جەلالی کوڕم نازانم بۆ بەوعوتلەیەش هەر کتابی بە دەستەوەیە دەخوێنتەوە ) دوایش پەیوەندیم لە گەلّ کتێبەکانی کتێبخانەی گشتی هەولێر پەیدا کرد , ئەو کات لە شوێنی پەرلەمانی کوردستانی ئێستا بوو , کە دەکاتە خۆر ئاوای شاری هەولێر مالّی ئێمەش لە رۆژ هەلآتی شار بوو , بە پێیان بە سەرمای وشکی زستانی هەولێر دەچووومە کتێب خوێندنەوە , سەیر ئەوە بوو دوایی کە رژێمی بەعسی فاشی کتێبخانەی گشتی کرد بە دائیرە ی ئە من لە سالّی نۆسەدوهەشتاوشەش بۆ ماوەی چواردە مانگ لە سەر سی وپێنج سم پانی و سەدووبیست سم درێژی زیندانی کرام , لە و شوێنەی لێی فێری خوێندنەوەی قوولّ بووم , ئەمجارە لێی فێری سەبروو خۆڕاگری بووم , سالّی نۆسەدووحەفتاوشەش کەوا جاری یەکەم بە مامۆستا لە گوندی سکتان دامەزرام پێش هەموو شتێک بیرم لەوە کردەوە کتێب لە گەلّ خۆم ببەم , لە شەوێکی ئارام وباوەشی شاخ وتەنیایی کە تازە تروسکایی شۆرش بەرووی فاشیەت هەلگیرسابووەو کاک مەلابەختیارو شەهید شاخەوانم لێ پەیدا بوون, ئەوکات هەلّویست و رەوشتی پێشمەرگە وابوو بەدوای خواردنی چەور نە دەگەڕان و خۆیان لە مالّی کێخوا دەپاراست,وەک جلەکانیی بەریان خاکی بوون و هەموویان پێشمەرگە بوون مالّەکەی منیش کتێبی لە خواردن زیاتر تێدابوو .لە بیرمە کاک بەختیار هەندێک کتابی



خواستەوە بۆ خۆێندنەوە بەڵام بیرم نەماوە کتابەکان چی بوون, دیار بوو ئەویش پەیوەندی لە گەڵ کتاب وخۆێندنەوە خۆش و کۆن بوو , لە نیوەی دووەمی حەفتاکانەوە پەیوەندی نێوان خوێنەرو کتێب گەرم بوو, تیراژی کتێب ئەو کات سێ هەزار کۆپی بوو , ئیستا لە جیاتی بووبوایە سی هەزار بۆتە پێنج سەد تا هەزار , ئەمە هاتنە خوارەوەی کێرڤی خوێندنەوە زۆر بە خراپی پیشان دەدات .

لە گەڵ ئەوەی لە کوردستان دەزگای پەخش و چاپ زۆرن , ناوەوە ناوەکتێبی باش چاپ دەکرێن بەڵام خەڵک کەم دەخوێننەوە , زۆربەی لێپسراوەکان ناخوێنەوە مەکتەبە لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان نیە , هەندێک جار گەر هەش بێت بۆ جوانیەنەک بۆ خوێندنەوەو خۆ پێگەیاندن .پرۆگرامی خوێندنیش رۆشنبیری نیەو روناکبیر دروست ناکات. من لە ریگەی خوێندنەوە خۆم لە تەمەنی بیست ساڵی زانیم (بالێ) چییە ؟

جوامێری کورم لە پۆلی شەشەمی سەرەتای لێرە لە کەنەدا کە عومری دووسەد ساڵە لە مەکتەب فێری ئەوە بووە , ئێمەش لە مەکتب شیعرەکانی (تەئەبوتە شەرەن)نیان پێ لە بەر دەکردین گۆڕی مام گیو موکریانی پڕووناکی بێت و چاپخانە داماوەکەی نە مربێت کە شاعیرەکلاسیکیەکانی خۆمانی پێ ناسا ندێن , دوایش رووبەرووی سیاسەتی سڕینەوەی کەلتووری وگۆڕینی بەهای کتێب بووینەوە کە سەدام بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ پێڕەوی دەکرد , ئێستا , راستە لە کوردستان لە جیاتی یەک وەزارەتی رۆشەنبیری دوو وەزارەتی رۆشەنبیریمان هەنە , وەک چون دوو وەزارەتی مافی مرۆڤیشمان هەن . بەڵام وا بزانم وەزارەتی پلانمان نیە خۆ ئەگەر بەرنامەی حکومەتەکانمان لە سەر پرنسپڵی کەلتووری و مافی مرۆڤ دانەرێژرابن . وەزارەتەکان کە زیاتر کاریان خزمەت گوزارییە ناتوانن کۆمەڵگاییەکی رۆشنبیری بەرهەم بهێنن , ناشزانم تا چەند کیشە رۆشنبیریەکان نەک رۆشبیری حزبی و چۆنیەتی پاوان کردن لە بەر نامەی حزبە کوردستانیەکان باس کراوەو لە کۆ بوونەوەکانی مەکتەبی سیایی حزبەکان چەندە کات بۆ باس کردنی ئەم کێشە گرنگانە تەرخان کراوە پلانی چاک کردنی بۆ دانراوە! نەبوونی سانسۆر لە سەر چاپ کردنی کتێب لە کوردستان دیاردەیەکی دیموکراسی جوانە بەڵام هێشتا هزر بە تەواوی ئازاد نیەو قسە کردن لە سەر هەندێک ناوچەی حەرام کراوی هزری نووسەرەکەی دەخاتە بەر مەترسی و هەڕشەی فەندەمەنتەلیزمەکان , ئەوەش پەیوەندی بە روونەدانی ریفۆرمی ئاینی و کۆمەڵایەتی سیاسی یەوە هەیە .

لە نووسینێکی پێشترم باسی ئەو شوتە بە هێزەی رۆمان نووسی جیهانی( دۆن براون) م کردکەوا لە رۆمانی (کۆدی دافنیشی) کە بەم دواییە بڵاو بووەوەو ملیۆنەهاکۆپی لێ فرۆشراو لە پیرۆزی بناغەی (کریستیانەتی) دا وا ئیستا ئیشی لە سەر دەکەن و دەبێتە فلیم و ئەکتەری بەناو بانگی جیهانی(تۆم هەنکس) دەوری تێدا دەبینێ , رەنگە لە مانگی شەش پیشان بدرێت فەتوای کوشتنی لە لایەن کەنیسە بۆ دەرنەکرا ,وەک چۆن بۆ (سلمان روشدی) راگەێنرا لە هەندێک ناوچەی عێراق و رۆژ هەڵاتیش تەقینەوەی مرۆڤ و ئۆتۆمبیلی پر لە(ت,ن,ت)وەک و قاوەی بەیانیانی لێ هاتووە . تازە حساباتی هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا بە خوێناوی ترین شێوە یەک لادەکەنەوە , لە کاتێکدا لە باکووری دنیاو هەندێ شوێنی تری لەشاری ( تیرنۆ)ی ئیتالیا لە ئۆلۆمپیکی زستانە وەرزشیان بردۆتە ترۆپکی هونەر وئیستاتیکا لاواز بوونی پەیوەندی نێوان مرۆڤ ئەو کتێبانەی هزر دەکەنەوەو روح خاوێن و جوان دەکەن و وا لە مرۆڤ دەکەن رەنگی

تریشیان پێ جوان بێت و کۆمەڵگای سڤیل ودیموکرات بنیات بنێن مرۆڤ بەرەو بەتاڵی و سیاسەتیش بەرەو بەربەریەت دەبەن.
شوێنێکی تریش کە رۆشنبیری لای خەڵک دروست دەکات سینەمایە , لە شەستەکان لە کوردستان نەک هەر سینەما سینەمای هاوینەشی هەبوو لە ناو سینەماکانیشدا شوێنی تایبەت (لۆج) بۆ خێزان هەبوو لە بیرمە هەر چەند ئەو کات فلیمەکان بە زمانی عەرەبی دۆبلاج دەکران تێیان نەدەگیشتم بەڵام دوایی زانیم زۆربەی فلیمەکان فلیمی بەناو بانگ بوون ئەو کات هێشتا بەعسیەکان دەستیان بەوە رانەگەیشتبوو ئەو شوینە رۆشنبیریانە وێران کەن ودوایی ویرانیان کرد , ئیستاش وێرانیەکە لە سایەی هەر دوو ئیدارەکانمان بەر دەوامە وسینەماکان شوێنی تاریک و شێدارن زیاتر بۆ بە تاڵ کردنی شەهوەتی سەر کوت کراوی سێکسی بە کار دەهێنرێن .پەیوەندی سینەماو خەڵک هەر نەماوە . دیاردەیکی تر(مۆبایلە) رەنگەلە سەدا هەشتا زیاتری خەلکی کوردستان هەیان بێت , بەرای من (مۆبایلی) قەد جوانترە لە دەمانچەی قەد بەڵام تەلەفۆنی دەست( مۆباییل) و ئینتەرنێت لە وڵاتە پێشکەوتوەکانیش گرفتی گەورەیان لە ناو خەڵک دروست کردووەو بووینەتە هۆی بە فیرۆ دانی کاتێکی زۆرو زۆر جار بەرەو شێتی (کرێزی) بردنی خەڵک و دوور کەوتنەوەی مرۆڤ لە بیرکردنەوە . جاران رەنگە لە مانگێک نامەیەکمان نەنوسیبووایە بەڵام ئیستا هەریەکەی رۆژانە چەندەها نامەی ئەلکترۆنی دەنووسین , بۆ کات بە سەر بردنکە لە کوردستان بووم دووسێ جار بۆ چەک کردنی ئیمێڵەکەم چوومە سەنتەرەکانی ئنتەرنێت دیاربوو سایتی سێکسی(گێیگەر) لە سەر (فیڤەرت) بوو , بۆ وڵاتە پێشکەوتووەکان کە ریفۆرمی سێکسیشیان تێدا کراوە و ئازادی سێکسی گەیوەتە ژن و مێردایەتی نێوان هەمان رەگەز ئەم سایتانە گرفت و تەنگوچەڵمەیان لە ناو لاوەکاندا دروست کردووە حکومەت ساڵانە لە ریگەی رێکخراوە نا حکومەتیەکان پارەیەکی زۆر بۆ چارە سەر کردنی ئەم گرفتە خەرج دەکات .
ژانرێکی تریش کە رووڵی هەیە لە پێک هێنان وپاک کردنەوەو ناسک و تەنک کردنی رۆح پێک هێنانی ناسنامەی نەتەوی ئەویش گۆرانی موزیکایە , من گەر لە شتەکانی تر کەمیک ناسیونالیست بم هەرگیز لە لایەنی هونەرەکانی تر وەک ئەدەب ,هونەر شێوەکار, سینەما ,شانۆ , گۆرانی مەسیقا ناسینالیست نیم چێژییان لێ دەبینم , بەڵام ماوەیەکە لە کوردستان زۆر زیاتر لە شوینە گشتی و چێشتخانەکان گۆرانی عەرەبیت گوی لێ دەبێت بۆ من سەیر بووچونکە کە لە ساڵی نۆسەدوونەوەت وشەش کوردستانم بە جێ هێشت وانەبوو , ئەوە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی بیر هێنامەوە کە زۆربەی خەڵک زەوقیان لە گەڵ گۆرانی عەرەبی راهاتبوو , کورە پلکێکم هە بوو ئەوەندە سەرسام بوو بە دەنگی (فەرید ئەترەش) گەر یەکێک بیگوتبایە دەنگی( عەبدولحەلیم حافز) خۆشترە شەڕی لە گەڵ دەکرد , بیست سی ساڵێکی برد تا وای لێ هات خەڵک گوێ لە گۆرانی کوردی بگرن .هەر چەندە ئیستا سەردەمێکی ترەو هەزاران گۆرانی کوردی هەیە , بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر لە سەرە خۆ کاری خۆی دەکات رەنگە دەستی ناسیونالیستی عەرەبی لە پشت ئەم دیاردەییە بێت , لە کوردستانیش پێ ناچێ کەس خەمی ئەدیاردەییەی بێت , هیوا دارم ئەم سەربەستتە یان خەم ساردیە یان جێ بەجێکردنی فیدرالیەتە بە شەکانی تری عێرافیش بگرتبایەوە . هیوا داریشم پاش ماوەیەکی تر بیست ساڵی ترمان نەوێت بۆ چاک کردنەوەی ئەو زەوقەیی ئێستا بۆخۆمان تێکی دەدەین

نەمانی یان لاواز بوونی ئەم ژانرانەی لایەنی روحی مرۆڤ بە هاوتەریبی یان خێراتر لە لایەنەکانی تر بەرەو پێشەوە دەبەن , رەوشێکی ترسناکە ,بە تایبەت بۆ کۆمەڵگایەکی وەک کوردەواری سی چڵ ساڵێکە لە ناو شەڕ دابووە شەڕ کاریگەری خراپی(نەگەتیفی) خۆی لە سەر روح ودەروون و عەقڵی مرۆڤی کورد بە جێ هێشتووە . کە ئەمە شتێکی سەلمێنراوە ئەو کۆمەلگایانەی شەڕیان تیدا بووە توشی نەخۆشی (پاست تراما سترێس) دەبن وکۆمەلگایەکی نا تەندروستیان لێ دروست دەبێت کاری زۆری دەوێت تا مرۆڤەکان دەروون و روح عەقلییان ئاسایی ونۆرماڵ ببێتەوە ئەوەیش لە ریگەی بیناکردنەوە وخاوێن کردنەوە هزری و روح دەبێت لە ئاڵۆزیەکانی و نەخۆشیە دەروونی و عەقلیەکان.کتێب ئامرازێکی کاریگەرە بۆپاک بوونەوە گەیشتن بە تەنکی و راستیەکان بە دەرباز بوون لەگرێ دەرونیەکان بەڵام ئەمڕۆ لە هیچ شارێکی کوردستان کتێبخانەیەکی گەورەی لائیق بە گەورەی کتێب نیە ,کتێبخانەکان بچوک بچوک بوینەتەوەو کەوتونەتە قوژبەکانی شار . لە گەڵ ئەوەی نیوەی زیاتری گەلی کورد نەخوێندەوارە زۆربەی خۆێندەوار و سیاسەکانیش نەزانن چونکە مەرج نیە خوێندەوار رۆشەنبیری بێت , بۆ چوونە ناو گوندی جیهانی (گلۆبۆل ڤلگ) نابێ تەنیا دوکانداریکی بێ رۆشبیری بیت ولەپە یوەندیەکان نەگەیت و ئەجندەو وتایبەتیەتی خۆت نەبێت رۆشەنبیرییەکی سەردەمت نەبێت بۆ ئەوەی نە کەویتە ژێر تایەیی زەبەلاحی گلۆبۆل و ژمارەیەکی ناقیسی ئەجندەی ئەو کۆمپانیانە زۆر بە خێرایی سنوورەکان دەبڕن و (کات لایان پارەییە) ئەگینە یەک دووساڵی ترە رەنگە قەبارە ئەو پارەو گەندەڵی و نەخوێندنەوە و نەچاندن و تەمەڵی و تێر نەخۆرەیی خەڵک زۆر لە هەستی کوردایەتی دوور بخاتەوە کە بۆ کورد هێشتا زۆر زووە , دیارە ئیستاهەتا(شبیت)تیشمان لە سووریە بۆ دێت وا پێ دەچێ خەڵکی گوندەکانیش زۆریان بووبنە معاش خۆر و تاقەتی زەوی بەناو هێنانیان نەمابێ , گەر وا بڕوات دەبێ یەک دوو ساڵی دی (توور)و(نان) یشمان لە ئیران بۆ بێت .تیراژی کتێبیش ببێت بە( سەد) کۆپی و خەوی زۆربەی خەڵکیش قوڵ تر بێت هزریشیان وەک کتابی سەر رەفەکان داخراو بێت , بە ژیان لە ژێرئەم ئەتمۆسفیرە و ئەوهەموو دوژمنەی دەوربەر و ناوەو لێرە پرسیارێکی زۆر گەورە قیت دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێ کۆمەڵگای سیڤیل و ژیانی دیموکراسی لە سەر ئەرز روو بدات رووبدات ؟

کەنەدا

**06-2-24**